**وەزارەتی داد**

## بەیانی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦

بەپێی ئەودەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لەماددەی نۆیەم / برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بریارماندا بە:-

١- پچراندنی فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرەی سیدصادق لە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی هەڵەبجە و بەستنەوەی بە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی سلێمانی .

٢- پچڕاندنی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی دۆکان لە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی دووەمی سلێمانی و بەستنەوەی بە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی یەکەمی سلێمانی .

## بەیانی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٦

ئاماژە بەنوسراوی بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٥/٩٥٠ لە ٢٠١٦/٤/٢٥) وە پاڵپشت بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لەماددەی نۆیەم / بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بریارماندا بە :-

پچڕاندنی ئیش وکارەکانی تایبەت بە موڵکەکانی سنوری ناحیەی (بەمۆ) لە تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی دەربەندیخان و لکاندنی بە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی هەڵەبجە .

**سـنـان چلبی**
**وەزیــری داد**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٨١٢١ لە ٢٠١٦/٥/١٢**

## بەیانی ژمارە (١١) ساڵی ٢٠١٦
## فراوان کردن و گواستنەوەی گوندی کورداوی نوێ

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ئاماژە بە ڕێنمایی وەزارەتمان ڕێنمایی فراوان کردن و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ و ئاماژە بە نوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٣٤٩٦ لە ٢٠١٦/٤/٣) و (٤٩٠٢ لە ٢٠١٦/٥/٤) لە بەرهەبوونی گشت مەرجەکانی ڕێنمایی سەرەوە و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا:-

بەفراوان کردن و گواستنەوە و پەسەندکردنی حەرەمی نوێ ی گوندی (کورداوی نوێ) سەر بەناحیەی خدران / قائمقامی قەزای دوکان لە پارێزگای سلێمانی و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەڕووبەری (١٥) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٠) لە کەرتی ٢١/ خدران کە زەویەکی بەردەڵانیە بە پێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە وەقایعی کوردستان.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**